# فەنەری سێو

**فەرحان هەیواز**



له بەردەم هەیوانی كوخێك ، لەنێو كەڤاڵە
سەرمەستەكانی گـولّ، هێواش هیواش نمە
نمەی بارانی پایز له گوناه پاكی دەكردینەوە.
گەڵاكان بێئەوەی كەسێ ویستبكا، تابلۆیەكیان
لەسەر ئاو دروست دەكرد، ئەو تابلۆیە خەیاڵی
هەموومانی زەوت دەكرد، بێئەوەی بە خەیاڵمان
دابێ ئەوە سەفەرە بەنێو كۆڵانەكان پێچ دەكا .
لەو سەفەرە پیـاوێك دەسوڕایەوە و شمشـــاڵی
دەژەنـی، رۆژێك دیار نەما، بۆ ئەو شمشاڵ ژەنە
كە تا ئێستا نازانم بۆ دیار نەماوە بەڵام ئەوەندە
هەیە چاوەكان تا ئێستا بە دوای بینینێكی ترن .

**ئای ژەنەكەی سەر تیغی زمانی شەڕ**
**لە كوخی لاشەی مردووان سەیری پرشنگەكانی خۆری دەكرد**
**لە سێبەری مانگەوە**
**شمشاڵی بۆ جەستەكانی گوڵ و ئاشتی دەژەنی**
**دەیگۆت.....**
**بەر لەخۆش هاتنی تانەی چاو**
**بەر لە خۆش هاتنی دەستە درێژەكانی دەم و لووت**
**رێگا بدەن**
**لە كەنار گۆری مناڵی**
**پەنجەرەی هێلانەی بە دەنوك چێكراو والآبێ**
**لە حزوری زەمەنی داهاتوو**
**دەرگای خانوو نەكراوەكان**
**ئاوازی گەڵا پایزەكانی ژێر پێ ببیستن**
**چەند جوان پێدەكەنی**

به لێوە قەشەنگەکانی ئەو دیو بەربەستە شوشەییەکان

چەند جوانتر دەگریان

بە هەنگاوی وشەکانی ئەو دیو شوشەکانی لێو

وشە سەماکەرەکانی ژێر باڵی ڕاست

کاغەزە دڕاوە سەرمابردووەکانی ژێر باڵی چەپ

هێندەی ئاسمان دەفڕن و سەما دەکەن

ئەستێرەکان بە سەما دادەبزنە سەر زەوی

بەربەستەکان قاش قاش دەکەن

وەك وردە گەڵای پایز دەوەرنە سەر ڕووبارەکان

شەپۆڵی ڕووبارەکان لەنگەر ناگرن

لەبەردەم پرشنگە خواسنراوەکانی خۆر

شەوێك سەفەر بۆ مەرگ دەکا

لەو شەوە

ئەستێرەکان ڕێچکە دەبەستن،

چ شەوێك لەو شەوە خەمناکترە

ئەختەر لە ژوانی خۆر و خۆر بێدەنگ دەبێ لە بەر دەمی

لە حزوری چ زەمەنێك بە ڕۆژوو بین

لای کام کچ بێدەنگ بین

دیتنی چ مانگێك بە شەوقمانکا

ئەی خۆشترین ساتەکانی فەنابوونی عەشق

لێرە بە تەنها و کزی هاتووم

بە بێ ژووان...

چوومە ژوانی ئەستێرە و خۆر و ئاسمان و زەوی

دوو گوڵم بەدەستەوە بوو

گوڵێك لە نێو چەوانی کاسکێتەکان درابوو

کلاو نەکەوێ

گوڵێك... لە یەخەی کچان درابوو

کوڕەکان بۆنی کەن و

مەست بن بە بای سەفەر

با.....

ئەی ساتەکانی ئەوەلین پەیڤی بە تەنها هاتوو

ئیستا وێرانەگەی ماڵئاوایی لە جوانی بکەی

وێرانادەی دوا ماچی پەیڤی گەڵا بکەی

وێرانادەی   فەناتر لە گوڵ

بێدەنگ تر لە شنەی شەماڵ و هاژەی رووباری مانگرتوو

تەمەننا ناکەم جارێکیتر

ئەو دیاریە جوانانە  نیگاکەم و جێبێڵم

تەمەننا ناکەم....نا....

بمزانیبا مەست دەبم بە عیشوەکانی گوڵ

ئەهاتمە خزمەت جوانی؟!

بمزانیبا وا بۆن رشێنم دەکەی

بۆنم نەدەکردی

ئەی گوڵ

ببوورە گەر ساتی بێئومێدم کردی

ئەوەندە لە دڕکەکان دەترسام

بە قەد ترسانم لە تۆ

ئەوەندە خۆشم دەویستی

بە قەد خۆشەویستی شەڕ

نەم زانی لێم ببوورە

لێم ببوورە

گەر سڵاو و ماڵئاوی بەیەکەوە بوو

ماچ و دژەکەی بەیەکەوە

شەڕ و هاوتاکەی بەیەکەوە بوو

داوای لێبوردن دەکەم..  لێم ببوورە

ژیان و مردن بەیەکەوە سڵاو و ماڵئاوایی دەکەن

لێم ببوورە

تەنهاتر لە گەڵا شەپۆلییەکانی عەشق

بە سەداتر لە مقامەکانی سەحەرو

بەحەرف تر لە هاژەهاژی رووباری قەسیدەیەکی لە دایک نەبوو

تۆ لە چ زەمەنێکا هاتووی ماڵئاوایی بکەی

ئەی تاریکتر لە خۆر و

رووناکتر لە مانگ

ئێستا یەکەم ماچ و دوا ماچ نازانم کەی بوو

یەکەم نیگا و دوا نیگا هەر نازانم

نازانم یەکەم تانە کەی هاتوو

بێسلاو خۆی کرد بە ژووراو

بوو بە خاوەن ماڵ

****

نای ژەنە بەردەوامە

ئێوەش جێیدێڵن

تەمەنێ لە سێبەری خەرەندەکان بە پەڕامووچەی قرتراو

لە سەر باڵی هەورەکان دەنووسنەوە

نای ژەن بەردەوامە

ئێوەش دوورتر دەکەونەوە

تەمەنی ژێر ساباتی دڕکاوی

بە نینۆکە دەرهێنراوەکان لە پەڕەی گوڵ دەنووسنەوە

هەموو شەوێ لە عەشقی تاوسە چاو کوتراوەکان

هێواش / هێواش مەست دەبێ

مینە چاوەڕێی گالیسکەکانی بایە

یاغر / یاغر بیگەیێنێتە کۆشکەکانی فروغ

ئێوە خێراتر نای ژەن جێدێڵن

چاوەڕێی کۆلارەی کەشتیەکانم

خێرا / خێرا بمگەیێنێتە ئەستێرەکان

پەڕ پەڕ فەرهەنگەکانیان بدڕێنم

بە بایان بسپێرم

ئێرە ..

بە بەباخەڵە ناخاڵێەکانی شەڕ بسپێرم

لە رێژنە ماچ بارانی وشە شەقام شەقامی دەپیواو شمشاڵی دەژەنی

یا بەو ساتە حەزینانەی

کاغەزە پێچراوەکانی سەر خەوی ئاسمانی دەگۆڕییەوە

کەردووی ماڵێك بینا دەکرا

لەو زستانە ساردەی مەلە لە بەفراوەکانە

ژنە نەزۆکەکان خەو بە مارەیی کچەکانیان دەبینن

ئێوە چیدەخوێننەوە خەوی پێوە ببینن

نایژەن چیدەخوێنیتەوە

لەو هاوینە گەرمانەی کرێوەی بەفر نازانێ پشوو چییە و

**سوچێك بۆ مناڵە كلێنكس فرۆشەكانی ترافیك لایت ناهێڵێ**

**ئێره بۆ نای ژەن بنووسم**

**بۆ ئێوه یان بۆ تاوس**

**بۆ ئەو شیعرانەی تنۆك تنۆك خوێنیان لێدەتكێ**

**قاچی كورسیەكان یەك لە یەك سورتر دەكا**

**یا..**

**بۆ ئەو ئەسكەمبلانەی لە مەستی لە قاقا دەدەن و دەیان درێنن**

**لە ژووره بێساتیەكان**

**دەنگی مینی تەقیو كز كز دەبیسترێ و دەڵێ**

**رووبارێك بۆ ئاسمان بێنن**

**باوەشی بۆ هەموو گەردوون بێ**

**پەنجەرەكانی ماسك**

**لە چاوی نای ژەنەوه**

**سەیری ئێوه دەكا... نازانێ**

**بۆنی سێو**

**بۆنی كچ**

**بۆنی باران**

**كامیان ئاسایتره**

**كامیان بۆنی خۆشتره**

**لە پایزە گەڵا وەریوەكانا**

**كامیان قاچاخ و قاچاختره**

****

**زەمەنی دایك بوون**

**رووباری كچانیان مین رێژدەكرد**

**كچێك بینرابا زۆری نەدەما باوەشی پێدابكەن**

**لە كوچەو كۆلانە نەدیوەكانی ئەڤینا**

**گیرفانی ونبوو بە هێمنی بەتاڵ دەكرێ**

**قاچاخترین شیعرو كەڤاڵ ئەگۆڕدرێتەوه**

**هێواش / هێواش**

**نای ژەن بەردەوام دەبوو**

**ئێوه جێتان دەهێشت**

**خەج لە هەنگاوەكانی پەشیمان بۆوه**

له ڕێژنه ماچ بارانی وشه – خۆی ڕووت ده‌کاته‌وه

له فرینی په‌ڕه‌کانی گوڵ- خۆی به کفنی زه‌ریا داده‌پۆشێ

چیتر له زمانی ناگه‌ن

ئه‌وه‌ی جیتان هێشت

ته‌نها خه‌ج له گه‌ڵی ده‌ئاخڤێ

رازی مه‌م و زینی پێڕاده‌گه‌ینێ

خانی..

له سه‌ر دیوارێکی به‌رز شیعری ده‌خوێنده‌وه

گوناهی ئێوه بوو یان گوناهی من

که‌سێ نه‌بوو حاڵیبێ له خانی، بزانێ

له میحرابی به‌هار

ژیان سنۆبه‌رێکی وشکه‌هه‌ڵاتووی ته‌مه‌نداره

یان چاوه‌ڕێی بارانی عه‌شقه

یان دووباره بوونه‌وه‌ی سێبه‌ره قژ لوولدراوه‌کانی زه‌مه‌نه

گۆچانه خواره‌کانی چاو ده‌هاوێته په‌نجه‌ره‌ی دڵ

به په‌یژه‌ی دڵی شاخدا سه‌رده‌که‌وێ

نه‌مزانی ..... نه‌مزانی

نه‌فه‌سی لاوك گه‌ردوون بۆن ڕێژده‌کا

به بۆنی سنۆبه‌ره قه‌ره‌شتیه‌کان

یان گوڵه جوانه مه‌رگه‌کانی پایز

له حزووری کام پایز....

دڵ شوێنی خۆی بۆ سه‌راب چوڵکردووه

به په‌یژه

بولبلی وێڵ به دوای گوڵه

له به‌رده‌م کام ڤینۆسا.....

فه‌رهه‌نگی عاشقان به هێمنی په‌ڕه‌کانی ده‌وه‌رێ

به‌فری باریوو داده‌پۆشێ

به‌فره نه‌باریووه‌کانیش ڕاده‌ماڵێ و

شێره به‌فرینه‌ی لێدروست ده‌کات

شێره به‌فرینه....